ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# مالك دۆهان وەزیری دادی عیراقی لە دیمانەیەكدا: تاڵەبانی وتی مەسەلەی سەربەخۆیی كوردستان بۆ ئیستهلاكی مەحەللییە



ملك دۆهان



جەلال تاڵەبانی

***رۆژنامەی (الشرق)ی قەتەری دیمانەیەكی لەگەڵ مالك دۆهان وەزیری دادی عیراقی (كە بەرەچەڵەك شیعەیە بەڵام لەگەڵ لیست حزبە ئاینییە شیعەكان نییە) سازكردو لە ٢٠٠٥/٠٢/١٢ بڵاوكرایەوەو ئەمانەی تێدا هاتبوو:***

* كۆمسیۆنی باڵا كە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەكانی عیراقی كردبوو بێلایەن نەبوو و نازانم كێ دایناو و لەكەسانی تری ناو حكومەتم پرسی ئەوانیش نەیاندەزانی و رەنگە ئەیاد عەللاوی بزانێ. نموونەش لەسەر ئەوی بێلایەن نییە ئەوەیە لە یەك ناوەندی هەڵبژاردن شانزە سەرپرشتیاری سەر بە یەك حزب هەبوون. لە وەڵامی پرسیاری ئایا ئەو حزبە ئەنجوومەنی باڵایە وتی: تووشی كێشەم مەكە لەگەڵ مێزەرەكان. ئێمە كەسانی خۆمان بە سەیارە دەبەینە شوێنی دەنگدان و زۆریان نەخوێنەوارن و دەڵێن لیستی مالك دۆهانمان دەوێ كەچی فەرمانبەرەكە دەڵێ خەت لێرە بدە كە شوێنی لیستی هاوپەیمانیی عیراقییە (لیستی ١٦٩).

* گوایە سیستانی لیستی ١٦٩ ی دەوێ دەگدانیش بۆ ئەو لیستە لەسەر ئەو ئەساسە بوو كە ئەوەی دەنگی بۆ نەدات دەچێتە جەهەننەم.

* سیستانی پێی وتم لایەنگیری هیچ حزبێكی ئاینی ناكەم.

* دواخستنی راگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن گەمەیەكە بۆ ئەوەی وەزعەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە (واتە عەللاوی بمێنێتەوە) لەگەڵ هەندێ گۆڕانكاری.

* مانع نییە كوردێك ببێتە سەرۆكی كۆمارو مانع نییە تاڵەبانی ببێتە سەرۆك.

* بەتاڵەبانیم وت ئەگەر بیانەوێ هێزە ئینتخابییەكەی خۆیان بەكاربێنن لاریم نییە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن بەڵام بەڵگەم هەیە سەربەخۆییان ناوێ. (دۆهان رووداوێك بۆ تاڵەبانی دەگێڕێتەوە كە عبدالرحمن البزاز سەرۆك وەزیرانی عیراق لە شەستەكاندا ویستی ئەو و چەند بەرپرسێك بچنە لای مەلا مستەفاو هیچ نەڵێن لەوێ و باسی دەكات چۆن رەزامەندیی توركیاو ئێران وەرگیراوە لەسەر رێكەوتنی حكومەت و كوردو ئەو دەوڵەتانەی لەو دوو وڵاتە گەورەترن ئاگاداركراونەتەوە). دۆهان دەڵێ: بە تاڵەبانیم وت ئەگەر بۆ شتێكی وا بچووك پێویستە رەزامەندیی ئەو دەوڵەتانە وەربگیرێ كە لە دراوسێكان گەورەترن ئەی دەبێ چی بۆ سەربەخۆیی بكرێ؟ ئەی بۆ ئەوەی كەركووك بخرێتە سەر فیدرالیەت چەند رەزامەندی پێویستە؟ ئەمە ناكرێ ئیتر بۆچی داوای دەكەن؟ تاڵەبانیش وتی: ئەمە تەنها بۆ بەكارهێنانی ناوخۆیە (ئیستهلاكی مەحەللی).

* دەنگدان بۆ سەربەخۆیی كوردستان نیشانەیە بۆ حەزی كورد بە سەربەخۆیی. با سەربەخۆ بن بەڵام كەركووك هی ئەوان نییە.

* تاریق عەزیز تاوانی نەكردبوو بەڵام بەرپرسە لەڕووی سیاسییەوە چونكە ئاگای لەو تاوانانە بوو.

* – پرسیار: راپۆرتی موخابەراتی ئەمەریكی دەڵێ چەكە كیمیاییەكان كە لە هەڵەبجە بەكارهاتبوون ئێرانی بوون نەك عیراقی و هەر دوو لا لە شەڕێك نزیك شارۆچكەكە ئەو چەكانەیان بەكارهێنابوو.

–بەڵێ.

–كە دەزانن وایە چۆن سەددام و عەلی حەسەن ئەلمەجید بەوە تاوانبار دەكەن كە هەڵەبجەی بە كیمیایی لێداوە؟

ئێمە نین بەڵكو خەڵكانێكی كورد شكاتیان لێكردوون هەروەها عەرەب هەن شكاتیان كردووەو پێویستە پارێزەرەكان بیسەلمێنن كە تاوانبار نین.

ZAGROS WEBSITE